# بەخێربێن بۆ لای ئێمە لە خزمەتگوزاریی ماڵەوەی ATTENDO!

لەگەڵ زیادبوونی تەمەن، زۆرێک لە کەسانی بەساڵاچوو بەزەحمەت دەتوانن تەنانەت کارە سادەکانی ژیانی ڕۆژانەشیان وەک: بازاڕکردن، پاککردنەوە یان جل شۆردن ئەنجام بدەن. وەرگرتنی پاڵپشتی و چاودێری لەلایەن خزمەتگوزاریی ماڵەوە دەتوانێت بۆ تۆ یان کەسوکارێکی نزیکی تۆ زۆر گرنگ بێت بۆ ئەوەی لە ماڵەوە هەست بە دڵنیایی بکەن. بە نزیکەی 40 ساڵ ئەزموون لە خزمەتگوزاریی چاودێریی ماڵەوە، ئێمە لە (ئاتێندۆ) دەزانین بۆ ڕەزامەندی تۆ یان ئازیزانت چ شتێک پێویستە. دەتوانیت لەلایەن کارمەندانی دڵسۆز کە مامەڵەکردنێکی گەرم و بەڕێزانەیان هەیە چاوەڕوانی کوالیتییەکی بەرزی چاودێری بکەیت. ئێمە لە هەموو شتێکدا لە چاودێریی کەسییەوە بگرە تا خزمەتگوزاریی ماڵەوە یارمەتی دەدەین. ئێمە قوتووی خواردنی بەتام دەگەیەنین، ماڵ خاوێن دەکەینەوە، دەچین بازاڕی دەکەین، خواردن لێدەنێین، جل دەشۆرین یان بۆ سەردانی کاتی دکتۆر لەگەڵت دەبین. وەک مشتەری کۆمپانیای ئاتێندۆ هەروەها دەتوانیت چاوەڕوانی چالاکیگەلی هاوبەشەی دڵگیر بیت. بۆ ئێمە چاوپێکەوتنی کەسیی گرنگە، کە هەست بکەیت لەلایەن ئێمەوە کە لە ماڵەکەتدا میوانین سەرنجت دەدرێتێ و گوێت لێ دەگیرێت. کاتێک کە تۆ ئێمە وەک دابینکەری چاودێریی ماڵەوە هەڵدەبژێریت، هاوکارییەکەمان بە هاتنی ئێمە بۆ ماڵەکەت و تاوتوێکردنی پێداویستی و داواکارییەکانی تۆ دەستپێدەکات. هەروەها ئەو کەسەی زۆربەی جار سەردانت دەکات دەبێتە کەسی پەیوەندی تاکەکەسی تۆ کە کاتێک پرسیارت هەیە یان کاتێک پێداویستییەکانت دەگۆڕدرێت هەمیشە دەتوانیت پەیوەندی پێوە بکەیت.



**ئەگەر مافی چاودێریی ماڵەوەت نییە بەڵام سەرەڕای ئەوە هێشتا یارمەتیی ماڵەوەت دەوێت**

ئایا دەتەوێت نەختێک کاتی زیاترت لە ژیانی ڕۆژانەتدا هەبێت بەڵام مافی چاودێریی ماڵەوەت نییە؟ ئێمە خزمەتگوزاریی ماڵ پێشکەش دەکەین بە لێداشکانی باج (ئەوەی پێی دەوترێت لێداشکانی [RUT] کورتکراوەی سێ وشەی سویدی؛ خاوێنکردن، چاککردن و شوشتن)، وەک: خاوێنکردنەوە، پاککردنەوەی پەنجەرە، شۆردن و ئوتووکردن یان کارە سادەکانی باخداری. تۆ فاکتوورەیەک وەردەگریت و بە کەمکردنەوەی لێداشکانی باجەکەی پارەی تێچوونی ئەو خزمەتگوزارییانە دەدەیت کە داوای دەکەیت.

**ئەتوانین چ یارمەتییەکت پێشکەش بکەین؟**

ئایا پێویستت بە پاڵپشتییە لە ماڵەوە و پێت وایە کە مامەڵەکردنێکی گەرم و تاکەکەسی بۆت گرنگە؟ فەرموو پەیوەندیمان پێوە بکە و ئێمەش زیاترت بۆ باس دەکەین!

زانیاریی پەیوەندی

خزمەتگوزاریی ماڵەوەی ئاتێندۆ Attendo Hemtjänst Göteborg, Verksamhetschef Frida Höglund

تەلەفۆن 073 316 50 06

ئیمەیل frida.hoglund@attendo.se

www.attendo.se

کامێراکە ڕوو بکە بە کۆدی کیوئەر-ەکە و زانیاریی زیاتر ببینەوە.

بەم شێوەیە داوای چاودێری ماڵەوە دەکەیت

تۆ بۆ چاودێریی ماڵەوە لای شارەوانی خۆت داواکەت پێشکەش دەکەیت. تێچووی هەڵبژاردنی دابینکەرێکی تایبەتی چاودێریی ماڵەوە (وەک ئاتێندۆ) زیاتر نییە لە تێچووی هەڵبژاردنی ئەو چاودێرییەی ماڵەوە کە خودی شارەوانی دابینی دەکات.

1

**داوای چاودێریی ماڵەوە بکە**

بۆ پێشکەشکردنی داواکاری پەیوەندی بە بەرپرسێکی یارمەتی (biståndshandläggare) لە شارەوانی بکە.

2

**دابینکەر هەڵبژێرە**

بە بەرپرسی یارمەتییەکەت (biståndshandläggare) ڕابگەیەنە کە تۆ دەتەوێت ئاتێندۆ ببێتە دابینکەری چاودێری ماڵەوەت.

3

**ئێمە پەیوەندیت پێوە دەکەین**

یەکسەرە کە لەلایەن شارەوانییەوە ئاگادار بکرێینەوە کە دەتەوێت ببیتە مشتەریمان، پەیوەندیت پێوە دەکەین و کاتێک بۆ سەردانی ماڵەوەت دەگرین.

Attendo